# گیانت شاد كاكە سامی

مرۆڤە گیانبەخشەكان زۆرن كە لە ڕوانگەیەكی ڕوونەوە دەڕواننە خۆیان و نەتەوەكەیان. بێگومان كوردیش لەو جورە مرۆڤانەی تیدایە كە لە ڕوانگەیەكی بێگەردەوە دوارۆژی كوردستان و كورد دەستنیشان دەكەن و خەبات دەكەن بۆ زیاتر تێگەیشتنی دەوروبەریان بەو ئامانجەی هەیانە بۆ دیاری كردنی چارەنووسی نەتەوەكەمان. كاكە سامی شەنگاری، سامی عەبدولڕحمانی شەهید، یەكێكە لەو مرۆڤە زیرەک و چاونەترسانەی كورد كە هەموو ژیانی بۆ كوردستان و كورد تەرخان كرد، تا ئەو رۆژەی شەهیدیش بوو سەنگەری خەبات و بەرخۆدانی بۆ ڕزگاری كوردستان چۆڵ نەكرد.

پاش پیلانە شومەكەی (الجزائیر)و هەرەس هێنان بە شۆڕشی پیرۆزی ئەیلول، جەنەڕاڵ موستەفا بارزانی دەستپێكردنەوەی شەڕی دژ بە عێراقی بە پەلە بە شتێكی پێویست نەدەزانی، چونكە عێراق تازە دۆستایەتی لەگەڵ دەوروبەردا پەیداكردبووەوە و ئێرانی پشتیوانی یەكەمی ئەمریكا پەیوەندیەكی ڕامیاری بەهێزی پەیداكردبوو لەگەڵ عێراقدا و ڕوسیاش دۆستایەتیەكەی قوڵتربوو. بۆیە بارزانی هەموو هێز و توانای خۆی بەكارهێنا بۆ زیاتر چارەسەركردنی كێشەی كورد لە ڕێگەی ڕامیار و لە ڕێگەی وویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە. بێگومان شەهید سامی شەنگاری یەكێک بوو لە كۆڵەكە هەڵگرەكانی دروستبوونی شۆڕشی نوێی گەلەكەمان كە لە هەردوو ڕوانگەی عەسكەری و سیاسیەوە دەورێكی باڵای دەبینی.

بەبیری شەهید، كوردستان پێویستی بە پارتێكی، جەماوەری، دیموكراتی، یەكسانخواز هەبوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی دووژمنان و ئازادبوونی خاكی كوردستان تا گەلەكەی بە ئازادی و یەكسانی بە بێ جیاوازی گشت چین و توێژەكانی بگوزەرێنێت. شەهید لە ساڵی 1981دا لەگەڵ شەهیدی سەركردە نوری شاوەیسدا پارتی گەلی دیموكراتی كوردستانی دامەزراند و پاش شەهیدبوونی نوردی شاوەیس كۆڵەكەی ژیانی پارتەكەی كەوتە ئەستۆ.

پاش ئازادبوونی بەشێكی زۆری باشووری كوردستان و دروستبوونی هەل بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستان. بەڕێزی پەیامی كۆنفیدڕالی بۆ كوردستان لە چوارچێوەی عێراقێكی دیموكراتی، فرەلایەنی، پەرلەمانی هەڵبژارد. دیارە ئەمە شتێكی سەرسوڕهێنەربوو كە پارتێكی سیاسی وەک و پارتی گەلی دیموكراتی كوردستان تاكە پارت بوو لەنێو چەندین پارتی كوردستانیدا ئەو پەیامەی هەڵبژارد. كە پاشان پەرلەمانی كوردستان بە زۆرینەی دەنگ پەیامی ئەو بەڕێزەیان بە شیاوترین ڕێگەچارەدانا بۆ پەیوەندی نێوان هەرێمی كوردستان و دەستەڵاتی ناوەندی.

هەربۆیە حەزم كرد ئەمرۆ كە ڕۆژی ئیمزاكردنی پەیڕەوی (دەستووری) كاتی عێراق بوو كە تیدا فیدڕالی بۆ كوردستان دەستنیشانكراوە، وەک سڵاوێک ئەم نووسراوەم بۆ گیانی تازە بەخاكسپێردراوی كاكە سامی شەنگاری و هەڤاڵانی بنێرم كە ماوەیەک لەمەوپێش بەكارەساتێكی خۆكوژی تیرۆرستانی دژ بە مرۆڤایەتی لە شاری هەولێر شەهیدبوون. هەر لێرەشەوە ڕوودەكەمە ئاسمان و خۆزگە هەرە گەورەكەی كاكە سامی دەڵێم كە (دروستبوونی دەوڵەتی كوردی و یەكپارچەیی خاكی پیرۆزی كوردستان و نەمانی تۆوی براكوژی و لێكزویربوون لە نیو ڕیزەكانی گەلەكەماندا). هەر شەكاوەبێت ئاڵامان و ئازادتربێت خاكمان و دڵخۆشتربن گەلەكەمان و سەربەرزتریش بن شەهیدانمان.

لە كۆتایدا هەزاران سڵاو لە گیانی پاكی گشت شەهیدانی كوردستان، سەروەریان (بارزانی نەمر)

## هەر بژین بۆ كورد

www.kurdistanet.org